بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، ان الانسان لفي خسر، الاالذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة السلام على خير خلقه محمد و على اله وصحبه، السلام عەلیکم ورحمة الله و برکاته.

مولاحەزەیەکی بە سیطمان هەیە، لە بیدایەت ئیقتراحەك هەیە ئەویش ئەوەی سوئالی هەبی پاشی دەرس کاك گەیلان خوا خێری بنووسی وەرەقەی هینایە تەوزیعی دەکا لەسەرتان، ئەوەی پێی باش بی سوئال بکا لە وەرەقەکە بنووسرێ بەمن باشترە، لۆوەی فیعلەن لە موستەقبەل ئیستفادەی لێ بکرێ.

دەرسی ئەورۆمان باسی چۆنیەتی ئیستقبالی حەزرەت محمد صلى الله علیه وسلم لە مەدینە وە بینائی یاخود دامەزراندنی دەولەتی ئیمان لە مەدینە، وفقی ئەو خەریتەیەی کە خوا لەبۆ حەزرەتی دانابوو صلى الله علیه وسلم، چۆنیەتی دامەزراندنی وە نەتائیج و ثەمەراتی، وە صیغەی تەعامولی موستەقبەلی لەگەر هەموو کیاناتی کە مەوجودە، مەوجود بووە لە جەزیرەی عەرەبی.

مەعلوماتانە دەرسی پێشترێ لە خزمەت پێغەمبەری بووین صلى الله علیه وسلم هەتا گەیشتە نێزیك مەدینە، پاشی ئیخراج کردنی موشریکین و کەفەرەی قورەیش، پاشی ئەوەی کە شەیطان بە ئیمکانییەتە ضەخمەکەی خۆی مەحاوەلەی ئەوەی دەکرد تەوضیفی هەموو قووەت بکا، لەبۆ حەصری ئیرادەی خوای و دینی رب العالمین، بە واسطەی یان کوشتنی یان نەفی کردنی یان سجن کردنی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم، ئەوجە موشارەکەی رەببانی عەن طەریقی مەلائیکەت کە خودا جل جلالە خۆی ئەو مەوضوعە بەرقییەن نەقل بکا لەبۆ حەزرەت صلى الله علیه وسلم، کە ئەویش ئیجرائاتی مەطلوب وەربگری، لۆوەی فیعلەن ئەو ریسالەتە کە کوو خوا دەیەوێ بەو نەوعەی بیگەینتە موجتەمەعی بەشەری، ئەوجە لێرە حیمایەی رەببانی وە تەمهیداتی لەبۆ صیغە و ئوسلوبی نەقل بوونی حەزرەت صلى الله علیه وسلم، لە مەککە لەبۆ یەثریب، پاشی ئەوەی هەموو وەسائیلی بەشەری گرتەبەر پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم، لەبۆ تەحصیلی ئائەو ئیخراج و هیجرەت کردنە، وە گەیشتن بە مەدینە وە حەلەقاتی پاشی کە رب العالمین لەبۆی تەمهید کردییە، ئەویش وەکو محەویلەك تەحویلی بکا لەبۆ جەمیعی مەخلوقات لەسەر ئەو وجودە.

لە دەرسی پێشترێ بەحسی کەلیمەی ئیخراجمان کرد، دیارە بەعزە ئیشکالاتی دروست کردییە، وەکو مەوجود بووە لە کوتوبی سیرە، ئەگەر بکرێ إن شاءالله، ئەوەی مولاحەضاتی هەبوو پاشان بە تەنهایی زیاتر لەبۆی روون دەکەمەوە، إن شاءالله..

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گوتمان: خۆی و ئەبوبەکر مورافیقی وە رێناسەکەیان نزیکی مەدینە بوون، عیلمەن خەبەر بەرقییە گەیشتبووە ناو یەثریب، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جەنابی لە مەککە دەرچووە، صەحابەکان ئیعدادی خۆیان کردبوو ئیستقبالی پێغەمبەر بکەن، لەو مستەوایەی کە فیعلەن لائیقیتی لەسەر کورەی ئەرز، مەعلوماتانە هەر رەئیسەك هەر زەعیمەك کە دەچتە جێیەك، بە میوانداری ئەو عورفە ئێستاش هەر مەوجودە ئی ئەو زەمانییە مایە، لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم مەوجودە وە مایە، هەتا کافریش ئێستا وەکو سوننەتەك لەبۆ خۆیان گرتیتیان و ئیستعمالی دەکەن، ئەویش ئیستقبالی لائیق لە مستەوای ئەو میوانەی کە هاتییە بوویتە میوانی ئەو مەنطەقەیە، وەکو رەئیسەك وەکو زەعیمەك وەکو مەلیکەك ئیستقبال بکرێ، مەراسیم و ئەتەکێتی خاصی خۆی هەیە، صەحابەکان رەزای خوایان لێبی لەو مستەوایە ئیعدادی مەراسیم و ئیستقبالی حەزرەتیان حازر کردبوو.

هەر کە دەگاتە مەنطەقەی بەنی نەجار کە خالەکانی پغەمبەرینە صلی الله علیه وسلم هەموویان خۆیان حازر دەکەن بە عەدەد و بە عودەد، هەموویان موسەلەح بە سیلاحی کامیلی حەربی، ئیستقبالی پێغەمبەر بکەن صلی الله علیه وسلم، وەکو کو رەئیس جمهورەك لە مەطار یاخود لە میناء دێتە خوارێ، جەمعەکی زۆر لە عەسکەریین هەموو بە رێکوپێکی راوەستاینە، بە سیلاح و بە عەدەدی عەسکەری خۆیان، ئیستقبالی ئەو رەئیسە دەکەن، ئەوە ئیعتباری ئەوەی لەبۆ پێغەمبەر داندرایە کە یارسول الله ئەتوو ئەمیری ئەتوو قائیدی ئەتوو مەسئولی، حەتتا لە حەیاتیشمان وە دونیامان مەرهونە لەبن دەستی توو، هەر وەقتەك هەر ئیشارەتەك بکەی جەنابت ئەمە موستەعیدین حەیاتی خۆمان وە خینمان فیدا بکەین، لەبۆ ئائەو ئەمرەی کە جەنابت دەری دەکەی.

وە ئیللا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جارێ ئیعلانی حەربی نەکردیە و بە هەیئەی عەسکەری ئیستقبال بکرێ و بچتە ناو مەدینەش، لۆیە ئەو عەدەدە ضەخمە بەو ئوسلوبە لائیقە، ئیستقبالی پێغەمبەریان کرد، کە کو لایەزالیش ئەورۆ ئەو مەرسومە جارییە لەناو زوعەماء و مەسئولینی دووەل، کە نەقل دەبی لەبۆ ناو یەثریب، ژن بە جودا پیاو بە جودا گچکە و گەورە بە جودا، هەتا دەبتە یەومەك رۆژەك رۆژەکی فەرید رۆژەکی غەریب، لە حەیاتی یەثریب رۆژی ئەوهای بەخۆی نەدیتییە یەثریب، حەرەکەکی شەعبی ضەخم، لە سێ هەزار نەفەر هەتا پێج هەزار نەفەر هەمووی، بەهەموو کەوادیری مەسیحی و یەهودیش بە تەعەجوب بێن ئیستقبالی ئائەو نەفەرە ئەو ذاتە موبارەکەی بکەن.

لۆیە حەرەکە و هاتوچوو لە مەدینە نەشاطاطی تیجاری و ئیقتصادی هەمووی رادەوەستی ئەو رۆژە، قەدەرەن ئافرەت دەست دەکەن بە شعر گۆتن لەسەر ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، کە

شیعرەکە مەوجودە لە کوتوبی تاریخ و سیرە، دەست پێدەکا بە: (طلعا البدر علینا من ثنیات الوداع)، هەتا ئاخیری... پاشان جەنابی لەبەر ئەوەی قاعیدەی ئیمانی موسبەقەن لەوێ دابنایە، وە وەزارەتیشی تەشکیل کردبوو لە بەیعەی عەقەبەی دووەم، مصعب بن عمیر رەئیس وزەرای حەقیقی بوو لە مەنفا، ئیدارەی دەولەتی دەکرد لەناو مەدینە، بە هەموو وەسائیلی دەولەت بەس ئەوەندەبوو زەعیمی ئوممەت نەقل ببی لە مەککە لەبۆ یەثریب، ئەو هەموو ئیجرائاتە قانونیانە، ئینشائیانە هەمووی کرابوو بەس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بێ زیمامی موبادەرە جلەوی ئەمر بگرتە دەست خۆی.

لۆیە ئەو جەمعە صەحابە وە خاصەتەن ئەخیصائی نزیك قەریبینی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، هەموو لە موقەدیمینی مورەحیبینی موستەقبیلینی پێغەمبەر بوون صلی الله علیه وسلم، کە هات پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەکو هەر زەعیمەك بێ فەتحی دەولەتی تازە بکا، پاشان ئائەو حالە ئیمانییەی کە تێیاندا مەوجودە موسبەقەن خۆیان تەعامولی پێدەکەن، بێ تەقنیمی کا بێ نیضامی لەبۆ دابنێ، هەریەکە بابی خاصی خۆی لەبۆ بکا، وە ئەو نیضامە کەتبی بنوسرێ لەسەر ئەوراق، تەحدیدی مەسئولیات و تەحدیدی واجبات هەمووی رەسمەن بکرێ لەسەر ئەوراق، وە ئەو هەموو شتانە تەدوین بکرێ، لۆوەی هەریەکە دائیرەی ئیشی خۆی و مسئولییەتی خۆی بزانی، وە بتانی لەو مەسئولیەتەش لەو دائیرەیەی بتانی مەسئولییەتی خۆی ئەدا بکا وفقی ئیرادەی خوای.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەناو گەرەکەکانی مەدینە تەفتیش دەکا، هەموو صەحابەکان بە ئیشتیاق و بە ذەوق بەزمان و بە هەموو خەلایای بەدەنیان ئیلحاح دەکەن لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەریەکە پێغەمبەر ببتە میوانی ئەو، ئەمما دەفەرمی کە ئەو حەیوانەی ئەو جەنابی لەسەری بووە، بەجێی دێلم خۆی مەئمورە، مەلائیکەتەك لغاوی گرتییە باشترین جێ ئەو ئیختیاری دەکا، لۆیە لەناو ئەغلب گەرەکەکانی مەدینە، حەیوانەکە پێچا و پێچ دەکا هەتا دەگاتە مەنطیقەك جێیەك عەردی هیشك کردنی خورمای دوو یەتیمە، ناویان سەهەل و سوهەیلە، لای کابرایەك صەحابییەك ناوی موعاذە، ئەو کەفالەتیان دەکا.

عیلمەن ئەو دوو یەتیمە لە ئیستقبالی حەزرەت صلی الله علیه وسلم موشارەکەیان نەکردییە لەبەر ئەوەی لە داخیلی خۆیان ئیحساسیان بە ضوعفەك و بە بێقیمەتییەکی زۆر کردییە، ئەو ذاتە عەضیمە کە نەقل دەبی لە مەککە لەبۆ مەدینە، حەتمەن ئینسانەك مەلیکەك وەکو عبدالله بن ئوبەی بن سلول، یاخود ئەسعد بن زورارە، یاخود سعد بن موعاذ، ئائەوانە لە مستەوای ئیستقبالی پێغەمبەرن صلی الله علیه وسلم، ئیدی ئەوان پێیناوێ ئەو دوو یەتیمە بێ صاحێبەی خۆیان ماندی بکەن، ئەمما رب العالمین ئیلتیقاطی داخیلی وانە دەکا، نەقل دەکا لەبۆ مەلائیکەتەکەی وە ئەمر دەکا بەو مەلائیکەتە کە لغاوی ئەو حەیوانەی گرتییە، بالخصوص بچتە سەر ئەو عاردەی کە فیعلەن ئەوان بە قەناعەتیان

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حصەیان نادا لە لەطائیف و رەحمانی رەببانی، بەشكو دەچی لەسەر عاردی وان حەیوانەكە رادەوەستی، وە لەوێش دادەنیشی.

ئەوجە دەفەرمی: ئەو عاردە ئی كێیە؟ دەرێن: ئەو عاردە ئی دوو هەتیمە سەعد كە مەسئولیانە لە ریعایەت، دەرێ: یارسول الله ئەمن رازیان دەكەم، هەر لەوێ پارەیان تەقدیم دەكا و لێیان دەكڕی، دەفەرمووی: لێرە مزگەفت دروست بكرێ، نەك ماڵی خۆی مزگەفت، بەرامبەر قطعە عاردەكەش خانی أبو أیوب الانصاري قەدەرەن لەوێ بووە، فورسەت دەبینی كابرایەكی عاقل بووە، هەرچی غەرازی ئەشیای پێغەمبەرە لەسەر حەیوانەكەی زوو هەردەگری و دەباتە مالی خۆی لەوێ دایدەنێ، عورفی عەرەبانیش ئەوها بووە هەركێ غەرازی ئەشیای سەفەری خۆی جانتای سەفەری لە ماڵی كێ داندرابی دەبی بچی لە كنەوی ببتە میوان، لە عورفی ئەوڕۆش هەر ئەوە مەوجودە و موتابیعە، فە كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، دەپرسی: جانتای سەفەری لەكن كێ داندرایە؟ دەرێن: لەكن ابا ایوب، دەفەرمی: جانتامان لەكن كێبی میوانیمان لەكنە وییە.

حەفت مانگی رەبەق پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەكن ئەو صەحابەیەی دەبتە میوان، طەبەقەی خانی ابا ایوب دوو طەبەقەبیە غورفەك لە سەرێیە غورفەكیش لە خوارێیە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ساحێب مەقام و مەكانی ئیمانییە رسول الله، طەلەب دەكا: یا رسول الله بڕۆ سەرێ ئەتوو لەسەرێ بنوو، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم لە عومر گەورەبوو پەنجا و قسور سار بوو، جەنابی ماندی بوونە لەبۆ وی چوونە سەرێ و هاتنە خوارێ، دەفەرمی: ئەمن لە خوارێ دەبم ئەنگۆ لە سەرێ بن، ئەو كابرایە حەفت مانگی رەبەق نە لە نووستن نە لە خواردن ئیصراحەتی نەدیتییە حەفت مانگی رەبەق، لەبەر ئەوەی خۆی طالبی ئائەو ئیستقبالە بوو، ئەمما لەبەر ئەوەی مەقامی ریسالەت و نبووەتی ئەو ئینسانە عەضیمە.

هەتا خۆی لە موذەكەراتی خۆی ابا ایوب دەگێرتەوە دەرێ: رۆژەك مندارەكمان خۆی لەشەربەی ئاوێدا شەربەكە كەتە عاردی، ئاوی تێدابوو رژا، ئەووەختێش خانی ئەو زەمانی داربەند بووە خۆر بووە، ترسایە نەوەك ئاوەكە درۆپە بكاتە سەر ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەریش لە خوارێ خەوی لێكەتییە، هەرچی جلكی خۆی هەیە هەمووی جەمع دەكا چەندی پێ بكرێ، لۆوەی فیعلەن بە سەریعی عاردەكەی بسترِی، رب العالمین ئائەو لەقطەیەی لێ وەردەگری پاشان لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەقل دەكا ئەوە دەبتە سەبەبی ریضوانی، رب العالمین لێی رازی ببی، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم هەر لەسەر دونیا بەشارەتی پێبدا.

كە فە رمووی: مزگەفت بكەن لێرە مزگەفتەك متەواضع، عاردەكەی لمە دیوارەكانی لبنن، سەقفەكەی لە داری قەدی دارخورمای، گەلا و پەلكەكانیشی دەبنە سێبەر لەبۆ ئائەو جموعە

صەحابە، کە لەسەر کورەی ئەرز وجود لەوان موبارەکتر نییە، ئەوان دەبی لەو مزگەفتەی سەفارەتی یەکەم سەفارەتی یەکەم، ئی رب العالمین لەسەر کورەی ئەرز، پاشی بیت الله الحرام، لە مەدینە دروست دەبی، لۆوەی فیعلەن کە ئینسان هات، ئینسان هات ئینسانی موئمین بییەوێ ئیتصال بە خالیق بکا، دەبی عەن طەریقی سەفارەتی خۆی ئیلتجاء بکا، وە خۆی لەو سەفارەتەی باوێتە سەر ئەرز بە کەمالی مەفهومی عبودییەت، سەجدە لەبۆ زاتی ئەو خالیقە ببا لە مەرکەزی سەفارەتی خۆی، لۆوەی فیعلەن ئەویش ئائەو حالەتە زەلیلیە و ئەنکسارو عبودییەتەی لێ قبول بکا.

لۆیە یەکەمین شت کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەستی پێ کرد و بینای کرد لە مەدینە مزگەفت بوو، لۆوەی بە مەوقیعی جوغرافیش ببتە وەسیط، ببتە حەلقەی وەصل بەینی ذاتی الله لەگەر عیبادەکانی، محمد صلی الله علیه وسلم بەشەرە وەفات دەکا، ئەمما دەمینێ مەقامی مەسجید مزگەفت هەر دیسان وەکو سەفارەتەك، ئینسان لە عەوامییەت و لە سەطحییەت و بەساطەت نەقل دەکا لەبۆ مستەوای عبودییەتی رب العالمین هەر وەقتەك ئینسان و بەشەر بییەوێ، لۆیە یەکەمین شت کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەستی پێکرد لەبۆ بینا و تەئسیسی مەسجیدەکە بوو مزگەفتەکەی بوو.

ئەوجە پاشان مزگەفتەکەی دەبتە مەجلسی وزەراء، پاشان دەبتە بەرلەمان دەبتە وەزارەتی دیفاع، دەبتە جامیعەی رەببانی دەبتە بەحضەنی پیاو دروست کردن، دەبتە داری قضاء، وەزارەتی عەدل، هەرچی نەشاطاتی ئیجتماعییە ئیقتصادییە، فیکرییە، بینائییە، دەعەوییە، هەمووی لەناو مزگەوت دروست دەکرێ، لە مزگەفت نوری خوای جل جلالە هەردێ و نەشر دەبێ لەسەر هەموو کورەی ئەرز، کو لە مزگەفتی یەکەم ئینطیلاقی کردییە ریسالەی مزگەفت ئەوەیە، دیسان دەبی بیناء لە مزگەفتەوە دەست پێ بکا، لۆیە هەر لە رۆژی یەکەم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە سەعاتی یەکەم ئەمری کرد مزگەفت بینا بکرێ، مزگەفتەك بەرینایییەکەی حەفتاو قسور مەتر، دەرێژەکەی سەد و قسور مەتر، برندایییەکەی صەحابە ئەگەر قیچەك سەریان زیاتر برند کردبا سەریان بە سەقفەکەی دەکەت، حەفت هەشت دینگەی لەناو دایە، دینگەکانیش قەدی داری خورما، نەك ئەو مزگەفتانەی کە ئێستا هەیە.

کە فەرموویتی رب العالمین وەصفی ئەو جێیەی دەکا، دەفەرمووی: (في بيوت)، نەی فەرمووە مسجد (في بيوت أذن الله أن ترفع ويذكر فيها اسمه يسبح له فيها بالغدو والآصال) (النور ٣٦)، ئینتاجی چییە؟ (رجال) نالێ موئمینون هەموو پیاوەك ذەکەرەك موئمینە، ئەمما هەمووی پیاو نییە صیفەتی رجولەت غەیری ذکورەتە، نێراتی صیفەتی نێری پیاوەتی نییە، پیاوەتی مستەوایەکە رب العالمین لە قورئان لەبۆ ئینسانی موئمینی دانایە، ئها فەرموویەتی: (من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا) (الأحزاب ٢٣)، ئینتاجی ئەو

بەیتەی چییە؟ (رجال)، ئەوە صیفەتەی یەکەمیانە (رجال لا تلهیهم تجارة ولا بیع عن ذکر الله وإقام الصلاة وإیتاء الزکاة) (النور ٣٧)، داخیلیان چییە؟ (یخافون یوما تتقلب فیه القلوب والأبصار)، موقابیلی وی چ هەیە؟ (لیجزیهم الله أحسن ما عملوا ویزیدهم من فضله والله یرزق من یشاء بغیر حساب) (النور ٣٨)، ئائەوە صیفەتیانە.

یەکسەر لە جیاتی نادی مەککە بەدیلی وجودی بەیت کە سێ سەد و شێست و چار صەنەمی تێدا مەوجود بوو، رب العالمین مەسجدی لەبۆ دانان بەیتی لەبۆ دانان، ئەو بەیتە بەعزە صیفاتی هەیە، ماعەدای ئەوانی کە گوتمان: مەحضەنە و وزارەتی دیفاعە و فولانە، ئەمما صیفەتی ئیستقلالییەتی هەیە، لە بیت الله الحرام کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوێژی دەکرد صەنەمەکان مەوجود بوون، أبولهب ابوجهل و موشریکینیش بە دەوری صەنەمەکانی خۆیان دەسوڕان، لێرە نەوعە غەبەشەك هەبوو لەپێش چاوی موقابیل، کە کو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیقرار دەکا لەبۆ ئەو حالەتەی، ئەمما ئێستا نەخێر ئێستا دەولەتی ئیمانە دەبی ریئاسەتی وە زەعامەتی ئەو دەولەتەی لە دەست ئەو ئینسانە بی، کە فیعلەن خۆی خودا جل جلاله ئەو زەعامەتە و ریئاسەتەی پێی داوە بە ناوی ریسالە، لە عەینی وەقتیش لەو جێیەی بی کە مولائیم و لائیقی ئائەو مەنصەبەی بی کە رب العالمین دیسان دایتییە ئەو ئینسانە.

ئیذەن لائیقییەت بیت الله الحرام نەبوو ئەووەختی کە ئەو هەموو ئەصنامانەی تێدا مەوجودە، لۆیە رب العالمین جوغرافییەن پاشی ئیمان دروست کردن لە داخیلی جەمعی صەحابە و رسول الله صلی الله علیه وسلم، نەقلیان دەکا لە مەککە لەبۆ مەدینە، ئیذەن دەبی صیفەتی ئەو مەسجدەی ئیستقلالییەتی هەبی موستەقیل بی، لۆوەی فیعلەن ماعەدای تەوحیدی خوای جل جلاله تەفریدی خواش بکرێ، ئەوە صیفەتەکیتکەیە رب العالمین پێوەی مەربوطە، ئیسمەکیتکەیە الفردالصمد جودایە، لەگەر الواحد الأحد، ئائەو صیفەتە دەبی لەو بەیتەی لەمەوپاش ئیجاد بکرێ لەبۆ جموعی موئمینین.

ئەوجا عەلەنییەت و مەکشوفییەت دەولەتی ئیمان فیعلەن دەبی رەمزی هەبی، کو هەر دەولەتەك ریئاسەی جمهوری هەیە هەردەولەتەك ئەگەر مەملەکە بی جێی مەلیکی هەیە، قەصری مەلیکی پێدەگوترێ، لێرەش لەجیاتی ئەوەی بەیتی رسول الله مەوجودبی، نەء بیت الله، لۆیە جێی سەفارەتە، یەعنی خاصییەتی پێغەمبەری بەشری تێدانییە، پێغەمبەریش کە دێتە ناوێ وەکو مەئمومەك دێتە ناوێ، ئەمما وەضیفە و مەسئولیەتی پێغەمبەری رەسولە صلی الله علیه وسلم، مەسئولییەتیتکە أبوبکر قاضییە، فولان حاکمە فولان وەزیر فولان جوندییە، صیفەی ذاتییەتی لەو مەسجدەی دانییە، لۆیە مەساجد و بیوت هەمووی ئی خوایە.

ئائەو جەمعە صیفاتانە لەو مەسجیدەی لۆوەی فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو مەجموعە ضەخمە لە موهاجرین کە لەوێ موتەواجدن لەناو یەثریب، پاشانیش جەمعی ئەنصار کە ئەوانیش لەوێ مەوجودن فەصلیانکا لە موجتەمەعی غەیری ئەهلی ئیمان، جێی ئیلتقائات و جێی ئیجتیماعات و جێی تەماسی ئیمانی، کە تەحویل دەکرێ لەبۆ واقیع، هەر لەناو ئائەو مەسجدە بکرێ ئەوە ئیشی یەکەمی حەزرەت بوو صلی الله علیه وسلم لەناو مەدینە.

نوقطەی دووەم: جەمعی صەحابە لەوێ وە خاصەتەن جموعی ئەنصار قوائیمیان دایێ، کە متەواجیدینی ناو مەدینە لەو نەوعیاتانەن: یەکەمین یەهود جولەکە، یەهود وەکو حەفت هەشت دەرسی پێشی ئێستا بەحسمان کرد، سێ نەوع بوون، جالییەك کەم بوون، قەدیمەن لە شام مەجموعەکیشیان لە یەمەن ئیزاحە کرابوون، لەبەر جوملەك ئەسباب سەبەبی ئیظطیهادی دینی مەسیحییەت لەبۆیان سەبەبی ووشك و برنگی مەنطەقەی حەضرەمەوت و یەمەن ئەو فەترەیە، سەبەبی لەناو کیتابیاندا مەجودە، رەسولەك بەناوی أحمد لە مەدینە مەنشەئیتی لە مەدینە حەیاتی بەڕێوە دەبا، لە کیتابیان ئەوە نووسرابوو، یەعنی جوملەك ئەسباب وەیلێکردبوون کە لەناو مەدینە مەوجودبن.

بەحسمان کرد کە بەنی قەینوقاع بەنی نەضیر بەنی قورەیضە، ئەویان شەش سەد و قصور نەفەر، ئەویتکەیان حەفت سەد و پەنجا بە پێنج سەد بەنی فولان لە خاریجی مەدینە کە شار، ئەویتکە لەناو داخیلی مەدینە قیلاعی خاصی خۆیان هەیە، ئیشەکانیان بەحس کرد، کە مەربوط بوو یەکەمین، هەرچی ئیقتیصادیاتی مەدینە هەیە هەمووی لەبن دەستیان بوو، حەتا بە زێر بە بنوك بانقەکان هەموو لەبن دەستی وان بوو، هەرچی حروب دەکرا دەبا بە خەریطەی یەهود بکرێ، هەرچی ئیجتیماعیات بوو، حەتتا بەحسی ئەوەمان کرد ژن هێنان و ژن گواستن هەر دەبا یەهود توقیع بکا، ئەوجە کابرای عەرەب خوشکی خۆی بە مێرد بدا، یان ژن بینی، لە بوعدی فیکرییەوە هەر دەبی عەرەبەکە لەبن دەستی یەهودەکەی بی، چونکی ئەو خەریطەی موستەقبەلی لەبۆ دادەنێ، فیکری ئیستیعماری مەنطەقەکە موجەزەئو و موقەسەمە، ئەوس و خەزرەج پێش ئەوەی ببنە ئەنصار لەسەر دوو حەیوان داحص وغبراء، چل سال خینی یەکتریان رێشتییە پیاویان تێدا نەمابوو بەو دەرەجەیەی، بوعدی دینی لەبەر ئەوەی خۆیان بە موستەعیدی دەیانزانی خۆیان بە (ابناء الله واحبائه) دادەنا، کە قورئان لێیان دەگێڕتەوە.

ئیذەن دونی خۆیان دەبێ زۆر لەخۆیان کەمتر بی بە مەقامی ئینسان، لۆیە کابرای عەرەب حەتا دەعوەتیان نەدەکرد لەبۆ دینی خۆیان، ئەوە حالی موجتەمەعی مەدینە بوو، وەصفی یەکەم جوملە و مەجموعەی جالیات مستەوای یەکەم یەهود، ئائەوە ئیشیان بوو لەناو مەدینە، کە پێغەمبەر صلی الله

علیه وسلم زەعیمی موئمینینە، جموعی موئمینینە وە ئێستاش پاش مەرسوم دەرهینان یەثریب دەگۆڕێ ناوی دەبتە مدینة الرسول، دەبی حەق و حصەی وان وە پاشان واقیعی وان حەقیقەتی وان پاشان موستەقبەلی وان، بەو چار نوقتەیەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەمووی لە مێشکی خۆی داینابی، عەن طەریقی وەحیش تەعەمولیان لەگەر بکا، ئەوە هەمووی بە تەفصیل بەحسمان کردییە، ئەوەی مەوجود بووبی.

مەجموعەی دووەم: ئی جالییەی مەسیحی، ئەوانیش عەدەدەکن رەهابینە مەجوودە مەعابیدیان هەیە، ئەثەریان کەمە ئەوان کەمترە، چونکە عەقلییەتی مەسیحی ئەوها موفەکیر و مودەبیری عیملاق نەبووینە، حیرثەی گچکە کچکەیان کردییە، وەکو شیر دروست کردن و وەکو سەرکاری کردن لە بەعزە تیجارات، ئیجتیماعییەنیش عیلاقەیان نەبووە بە موجتەمەع، پاشان شەرائیحی گچکەتر لە مەجووس، فورس، لە ئەسنای هاتوو چوونیان لەبۆ تیجارەت لەبۆ یەمەن، بەعزەکیان لەناو مەدینە نیشتەجێ بووینە، هەر بە زەردەشتی خۆیان عابیدی نار هەر ماینە، ئەوانە شەریحەکی کەمن گچکەنە، دیسان عیلاقاتیان مەحدودە لەگەر عەرەبەکانی ئەنصاری ئەو زەمان، ئەوە هەمووی ئەوەی حالەتی بەشەری ماعەدای وان طەبەقە دونی وان عەدەدیان کەمتر، موشریکین.

طەبعەن کە ئەنصار بوونە ئەنصار جەمعەکی زۆریش ما لەسەر دینی خۆی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسر قاعیدەی(.لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) لەسەر ئەو قاعیدەیەی هیچ کەسی نەگرت بە زۆر، ئەوانەی لەبەر ئەوەی صەنەمەکانیان لەناو مەککەی مابوو، ئیذەن عیلاقەی دینیان لەگەر مەککەیی قورەیش دەمینێ، پاشانیش لەبەر ئەوەی خۆی مەدینە جێی لیقائات و برێین وەکو وەسەطی مەوقیعی جوغرافی تیجارییە، لە بەینی مەککە و شام لە بەینی مەککە و یەمەنیش.

ئیذەن دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حیسابی ئەوەش بکا ئەگەر هاتوو قورەیش وەضعی ئیقتیصادیان خراپ بوو موحتەمەلە خەط مائیل بکەن، تیجارییەن لەگەر ئەو موشریکانەی کە مەوجودن لەناو مەدینە، ئەوجا مەجمووعەی سێیەم جەمعی موئمینین لە دوو مەجمووعە لە دوو طائیفە پێك دەهات، ئەو مەجموعەی کە لاجیئی سیاسینە، لاجیئی ئیمانینە، بالأحرى بين قوسین، لە مەککە هاتینە ناو مەدینە ئەوانیش موتەنەویعن، وە ئەو مەجموعەیەی کە لەناو مەدینە خۆیان مەوجود بوون، کە باوەشیان لەبۆ جەمعی لاجیئینی ئیمانی کردنەوە، ناویان نرا ئەنصار.

رب العالمین بە ئیرشاداتی وەحی لەگەر هەر لەو سێ چار مەجموعانە، کو پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەعامول بکا قەواعیدی لەبۆ دەهاتە خوارێ، جارێ هەر کە جموعی موهاجرین پێغەمبەریان دیت هەمووی لە دەوروبەری جەمع بوون، موئەقەتەن ئەو جەمعە موهاجرینانە تەوزیع کرابوون لەسەر ئەنصارییەکان، ئەمما تەوزیعەکانیان بەو نوعەی نەبوو کە مەطلوبە، یەکسەر پێغەمبەر صلی

الله عليه وسلم موئتەمەرەکی کرد لەبۆ ئەو جموعە موئمینانە، هۆردوو طەرەف ئەنصار و موهاجرین، موئتەمەرەك لەناو مزگەفتەکەی، پاشی بینائی موئتەمەرەکی خاصیش لەبۆ تەوزیعی ئەدوار لەناو مالی أنس بن مالك.

که خیرەی جەمعی صەحابە ئەها لە بەیعەی عەقەبەی دووەم، گوتمان: دوانزدە صەحابی بە ئیختیار بە ئینتیخاب، ئیختیار کران بووینە مومەثیلی حەفتا و قسور صەحابی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو دوو هەزار عەدەدە صەحابییە، نەوەدی ئیختیار کرد، لەو نەوەدەی ئەوجا موئتەمەرەکی کرد لەناو مالی أنس بن مالك، لەوێ ئەو موئتەمەرە تەوزیعی ئەدوار کرا، تەوزیعی قەوائیم کرا وە بنودی بینائی دەولەتی ئیمان بە نیسبەت جموعی موئمینین لەوێ تەحصیل کرا.

ئەوەی پێی موهیم بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، لەبەر ئەوەی بوعدی ئوفوقی لەگەر بوعدی عەمودی متەوازن بی، رب العالمین که ئەو جموعە مەوجودانە لەو جەمعە صەحابەیە ئیمانیان بە (الله) هینایە و ئیمانیان بە ذاتی محمد هینایە صلی الله علیه وسلم، ئەو حالەتە لە داخیلیان دەبی لە بەینی خۆشیان حالەتەك دروست ببی، نەك ئیمان بە یەکتر بینن، ئەمما حالەتەك دروست ببی لە دافیعی ئیمانییات وجودەك حالەك لەناو داخیلیان دروست بی، بە دافیعی ئیمانییات زۆر شت بکرێ، ئەویش رب العالمین هەرچی صیفەی بەشەری لە داخیلیان ئینسان مەوجودبی غەیری مەفهومی کەلیمەی ئوخووەت نایگرتە خۆی پڕ بەپیستی نابی، لۆیە ئائەو صیفەتەی دابەزاند لەسەر ئائەو جموعانە.

قانونی ئوخووەت لەسەریان تەطبیق ببی لەسەر: (انما المؤمینون اخوة)، ئەهلی ئیمان برانە لە بەینی یەك ئەو ئیمانە محمد صلی الله علیه وسلم جوهدی لەسەر صەرف کردییە، ثەمەرەك لەو ثەمەرە عەضیمانەی کە دروستی دەکا لە واقیع ئائەو مەفهومە ئوخووەتەیە، ئوخووەت غەیری برایەتی داك و بابییە کە لە لوغەی عەرەبی پێیدەگوترێ شەقیق، شەقیق کابرا لە داك و بابەکی برایەکی هەیە لە زمانی کوردی ئەوە نییە، ئەو برایەی هەیە بیەوێ و نەیەوێ خودا ئەوهای خەلق کردییە، طەبیعەتەن ئەوە ببتە برای، ئەمما شەرت نییە لە قەناعە و لە ئیمان لە موعتەقەدات ببنە برا، ئەمما کەلیمەی ئەخ موفرەدەی لە لوغەی عەرەبی لەوە وەرگیرایە کە ئینسان دڕکەکی بەسیط بە پەنجەی دابچی یەکسەر دەرێ ئەخ، هەرکەسەك گێی لەو دەنگە ببی بەپیلیەوە دێ، ئائەو کەلیمەیە لەوەی وەرگیرایە بەحسی گچکەترین مەطلەب هەتا گەورەترین مەطلەب، کە تەضحیە و فیدائە بە خین ئەدا دەکرێ ئەووەختی، ئائەو کەلیمەی ئوخووەت لەویەوە وەرگیرایە.

دەبی ئەو حالەتە بە واسطەی زەمینە دروست کردنی ئیمانی لە داخیلی ئینسانی موئمین، ثەمەرەکەی ئائەو حالەتە بێ کە موغناطیسییەت و تەزامون و تەرابوط بەینی ئائەو جەمعە دروست ببی، ئەویش

مەفهومی ئوخووەته غەیری شەقیقی، ئەمما رب العالمین ئەو ئیمانەی کە لە قەلبی ئائەو جموعە دروست بووە ئاگادارە، لە مستەوای هەر ئوخووەتی عادییە، تەماشای قورئان بکەین جواب دەداتەوە قورئان دەڕێ: نەخێر نەوعەکی خاص بووە، چونکی ئیمانیان موعەییەن بووە، لۆیێە ئوخووەتی وان کە لەسەریان فەرض دەکرێ، ئوخووەتی ماددی و مەعنەوی بووە حەتتا ماددییەن جموعی موهاجیرین دەبی لە بەینی خۆیان ببنە برا، هەموویان ئەوە مەرحەلەی یەکەم.

پاشان ئەوجە ئەنصار و موهاجرین لە بەینی خۆیان ببنە برا مەرحەلەی دووەم، ئەوجە سێیەم مەرحەلە ئەنصارین خۆیان لە بەینی خۆیان ببنە برا، ئائەو سێ مەرتەبەیە مەوجودە لە قورئان ئەوە هەمووی بەبوعدی بەشەری، بوعدی ماددی، لە هەرچی ماددیات هەیە کە ئەوانە بووینە برا دەبنە شەریك لەگەر یەکتری، هەر لە دونیای و پاشی مردنیان هەر لە ئاخیرەتیش، مەثەلەن: کابرا صەحابییەك روبعە ملیونەك دینار زێڕی هەیە، ئەو زێڕە کە برایەکی موهاجیر موسولمانەك موئمینەکی موهاجیر بووە برای، دەبی یەکسەر دابەشی بکا نیوەی لۆوی نیوەی لۆوی، مالی دوو غورفەیە غورفەك لۆوی غورفەك لۆوی، ئەوە هەمووی لە ماددیات، ئەمما ئایا هەر لەوەندە رادەوەستی؟ نەء ئیمانیان لەوەش بەرزتر بووە.

ئەوەی حەیاتی صەحابەی مولاحضە کردبی، ئەنصاری بووە زۆریش ئەوە موکەڕەرە، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فولانی لەگەر کردته برا، کە چویتە مالێ دوو ژنی هەبووە کابرای صەحابی هۆردوو ژنی بانگ کردییە، بە صەحابییەکەی بە عبدالرحمن بن عەوفی گۆتییە تەماشا بکە ئەوە هۆردووك خێزانی منن، کیهانت پێ جوانە بەس ئیشارەت بدە طەلاقی دەدەم، کە لە عیددەی دەرچوو دەبمە شاهێد لەبۆ مارە کردنی، ئائەوە هەمووی ئیمانە لە شەرەفی خۆشی لەبۆ برای خۆی تەنازول دەکا، وفقی ئیرادەی خوای ئیمانە: (لو أنفقت ما في الأرض جميعا ما ألفت بين قلوبهم ولـكن الله ألف بينهم إنه عزيز حكيم) (الأنفال ٦٣) هەرچی ئەتەکێتات و دیکۆرات و قاوغ و قەوالب و حزبیات و ئەوەی دروست ناکا، بەس خوا دروستی دەکا لە قەلبی ئینسانی موئمین، کو لەناو قەلبی صەحابە دروستی کردییە، لۆیە ئائەو جموعانە بەو سێ مەرحەلەیە بوونە برا.

لە ماددە موحتەمەلە فولان صەحابی بمری کە مرد هەرچی ئەموالی هەیە نادرێتە برایەکەی دی کە لە مەککەی مابی، ئەگەر موئمینیش بی چونکێ لێرە ئوخووەتی نەبەستییە لەگەر ئەو برایەی، لەکن کێ لەگەر کێ ئوخووەتی بەسترابی مالەکەی لەبۆ وی دەمینێ، حەتتا پاشان ئایەتیتکە هات ئائەوەی حەصر کرد بە ئەوەی کە میراث نەقل دەبی لەبۆ خزم و کەس و کاری خۆی بە صیفەتی ئیمان، دیسان ئەگەر موئمین نەبی لۆی نەقل نابی، ئەوە لایەزالیش جارییە ئەوە موافات.

رب العالمين دەفەرمی لە بەحسی ئەنصار: (والذين تبوؤوا الدار والإيمان) (الحشر ٩)، (الدار)، ماددییەن، (والایمان)، قەلبییەن یەعنی لە قەلبی خۆیانەوە لەبۆ ئەو حالەتەی ماددی وە بەدەنی وە ئینسانی دەبی ئیمان هەبی: (تبوؤا الدار والايمان)، وەکو دار ئیمان لە داخیل ئیجاد بکرێ، لەبۆ ئیستقبالی ئەو حالەتەی کە مەطلوبە، نەخۆ کابرا لە داخیلی خۆی بەس ئەوەندە قیچەك پێی ناخۆش بی کافر دەبی، لۆ؟ چونکی قەضییەکە ئیمانە و ئایەتی پێ هاتتە خوارێ، هەر قیچەکی پێ ناخۆش بی، دوو قەضای لەسەر هەیە: (ذا قضى الله ورسوله أمرا) ئیختیاری نییە: (والذين تبوؤوا الدار والإيمان من قبلهم يحبون من هاجر إليهم ولا يجدون في صدورهم حاجة مما أوتوا)، هەرئەوەندە؟ نەء ئیمان فەوقی وەیە، خودا بەس ئەوەندە تەصویریانی کردییە لەبۆ مە نەقل دەکا، وەکو فلیمی فیدیۆ دەفەرمی: (ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة).

مەثەلەن: سعد بن موعاذ لەگەر جەعفەر بن أبوطالب، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کردنیە برا، سعد هەیتی ئەمما لەبەر ئەوەی صەرف دەکا فی سبیل الله فەقیر دەبی، کابرا ملیۆنێرە فەقیر دەبی، ئەمما جەعفەر ئەویش لەبەر ئەوەی لە عائیلەکی راقییە ئیحتیاجی بەصەرف هەیە، چشی نییە هەمووی لەوێ بەجێ هێشتییە، کە سەعد دێ دوو دیناری هەبی خۆی قەرارەکە ئەوهایە، دینارەك لەبۆ وی دینارەك لەبۆ خۆی، دینارەك لەبۆ برای ئیمانی دینارەك لۆ خۆی، ئەمما سعد ئەوهای دەکرد؟ نەخێر دەهات دینار و نیوەکی دەداوی نیو دینار لەبۆ خۆی دەگێراوە، ئیمانیان لەو مستەوایەی بوو، خودا ئەوەندەی لێ ویستن ئەوان زیاتریان دەکرد، (ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة ومن يوق شح نفسه فأولئك هم المفلحون) (الحشر ٩)، ئائەوە فیعلەن لەگەر نەفسی خۆی ئیشی کردبی ئەو حالەتانە ثەمەراتانەی دەبی، ئائەوانە جموعی موفلیحن.

هەر رب العالمين دیسان کە بەحسیان دەکا، طەبعەن لە ئایاتی قورئانی زۆر لەو تەقاسیمانە هەیە، کە رب العالمين کو بە موجەسەمی بەحسی حالیان دەکا، ئەوانە کو ژیاینە بەو قەناعەتانە، دەفەرمی: (والسابقون الأولون من المهاجرين والأنصار والذين اتبعوهم بإحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه وأعد لهم جنات تجري تحتها الأنهار خالدين فيها أبدا ذلك الفوز العظيم) (التوبة ١٠٠)، دیارە صەحابە کەلیمەی صەحابە مەحدود بووە، چونکی لێرە لە سورەتی تەوبە ئایەتی سەد دەفەرمی: (والذين التبعوهم)، جارێ ئایاتیش قەطع نەبووە، کأنە دائیرەی صحوبەت لێرە غەلق دەبی، ماتەبەقا کە دێ تابعینن، بە نەصی قورئان نەك صەحابە.

ئیذەن صیفەتی صوحبە کە لە قورئان دیسان تەعریف کرایە بە مەعییە: (والذين امنوا معه)، ئائەوانە صەحابینە رب العالمين بەو نەوعەی فەصلیان دەکا و ئیمتیازیان دەداتێ لەو مستەوایەی، ئەوە هەمووی ئەو صیفەتە ئیمانیانە هەموو حالەکی موئەقەت بووە نەفسی صیفاتی ئیمانی، بەو قەناعەتەی

بەو نەوعییە و صیغەیەی، کێ بییەوێ لە چ زەمانەك لە چ مەکانەك دەتانی تەحصیلی کا، ئەوە قەضییەکی تاریخی و توراثی نییە وە نەشبووە، ئایاتی خوای جل جلاله کو کەونی خوای و رۆژی خوای و شەوی خوای لایەزال موستەمیرە و هەر بەردەوامە، ئایاتی خواش ئەوها موکەڕەڕە هەر بەردەوام دەبی، لۆیە رب العالمین بە عەینی صیفەت کە مەوجود بوو ئینسان لەسەر کورەی ئەرز، کو وەعدی دایتە وان وەعدیش ئەوها دەداتە ئەو جموعە موئمینانە، لە سورەتی نور ئایەتی پەجا و پێنج دەفەرمی: (وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض)، ئەها قەضییە هەمووی بە ئیمان دەست پێدەکا، ماعەدای وی هەمووی غێر موعتەبەرە لەکن خوای.

لۆیە بەحسی ئیسلام ناکرێ زۆر لە قورئان، صیفەتی داخیلی ئینسان ئیمانە نەك ئیسلامە، لۆیە هەموو قورئان لە سورەتی فاتیحەوە هەتا (قل أعوذ برب الناس) هەر هەمووی مەطلەبی ئیمانە، (امنوا)، ئەوجە پاشان (وعملوا)، نەك کابرا موسولمان ببی موسولمان بوون مەرحەلەکی موئەقەتە دەبی تەحویل بی لەبۆ مستەوای ئیمان، (وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض كما استخلف الذين من قبلهم)، ئائەوەیە وەعد وە موستەمیریشە ئەو وەعدە هەموو وەختەك رب العالمین ئەو وەعدە ئینزال دەکا، (ومن أصدق من الله قيلا) (النساء ١٢٢) کێ لە رب العالمین بە وەعد زیاتر مولتەزیم بی بە ئەداء، دەفەرمی: (وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم من بعد خوفهم أمنا يعبدونني لا يشركون بي شيئا ومن كفر بعد ذلك فأولئك هم الفاسقون) (النور ٥٥)، ئائەوە هەمووی صیفاتی ئەو جەمعە موئمینانە بوو رب العالمین ئەمر بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەکا، پێغەمبەریش تەحویل دەکا لەبۆ واقیعیان.

باشە بێین بزانین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەو جەمعە صەحابە زەخمە هەر لە مەرحەلەی یەکەم هەزار و پێنج سەد نەفەر بووە، کو تەوزیعیان دەکا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم؟ هەر لە موئتەمەری مالی ئەنەس بن مالیك کە نەوەد صەحابی تێیدا موشارەکەی کردبوو قەوائیم دەردەچێ، هەر صەحابییەك ناوی لە تەنیشتە وی موهاجیر تەنیشتە وی ئەنصارییەك، ناوی موهاجیرەك تەنیشتە وی ئەنصارییەك، باوربکەن یەعنی ئائەو دیققەتەی لە ئیختیاری رسول الله صلى الله عليه وسلم لەبۆ صیغەی بەشەرییەتیان، مەثەلەن عمر بن خطاب، فولان طەبیعەتی هەیە طەبیعەتی عومەری مەعروفە خۆتان دەزانن، وە فولان وەقتیش ئیمانی وەرگرتییە وە دەرەجەی ئیمانی لە فلان مستەوایە، وەکو بورغییەك بیلاتەشبیە فیت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هینایتی لەو فەراغەی داینایە کە پڕ بەپیستی خۆیتی، ناوی صەحابییەکەی ئەنصاری عوتبان بن مالك وەکی وییە طەبیعەتی عەینی وەکی ئیمامی عومەر مستەوای ئیمانی هەیئەتی شکلی قووەتی لۆ؟ دوایێ دێینە سەری.

سەعید بن زەید لەگەر ئوبەی بن کەعب کردنیە برا، لە قائیمەکەی ئەوها نووسرایە لۆ؟ وەرە تاریخ حەیاتی سەعید وەرگرە، لەگەر ئوبەی هۆردووکیان موقارەنە بکە، هۆردووکیان لە یەك موستەوا بووینە لە فیقە، لە یەك مستەوا بووینە لە حیفضی قورئان، لە یەك مستەوا بووینە لە عومر، لە یەك مستەوا بووینە لە بوعدی عیلمی، هەمووی ئیختیار کرایە، عبدالرحمن بن عوف لەگەر سعد بن ربیع هۆردووکیان ملیۆنێر بوون، عبدالرحمن هەرچی ئەموالی مەنقولە و غەیر مەنقولەی هەبی لە مەککەی بەجێهێشت، خۆی و جلکی دەرچوو، ئەمری پێکرا کە چوو کابرا تاجیرە ملیۆنێرە، ئەوەی لۆی داندرا سەعد ئەویش ملیۆنێرە تاجیرە دوکاندارە، نەفسی عەقلییەی تیجاریان هەیە، زۆر موقاریبن لە عومر، زۆر موقاریب لە طەبیعەت ئەویش ئەوها لە قائیمەی کە ناویان دەرچووە، ئەوە لەگەر وەی دەبتە برا، زوبێر بن عەوام کرا برا لەگەر سەلەمە بن سەلامە، هۆردووکیان.

تەعبیرك هەیە دەڵێ: رجال المهمات الصعبة، هۆ دووکیان لەو مستەوایەنە وەرە تاریخ حەیاتی زوبیر بخینە لەگەر سەلەمەی، هۆردووکیان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەو مستەوایەی ئیشیانی پێکردییە، ئەو کەفائەتانەیان هەبووە، ئیذەن ئیختیارەتەکەش کە فلان صەحابە لەگەر فلان صەحابەی ببتە برا عەفەوی نەبووە، قەوائیم بەو نەوعەی دەرچووە لۆ؟ عومر قەضییەکە ئەگەر هاتوو ئینسانەك لەگەر ئینسانەکی هات برادەراتی بکا، عومریان لەگەر یەکتری تەفاوتی هەبی دە سالەك پازدە سالەك تێك ناگەن، ئەو پازدە سالییەی کە عومری گەورەیە تەنازول ناکا لەبۆ دونی خۆی، کە رەفاقەت پێکەوە لەسەر جادەکی پیاسەی بکەن، پێکەوە دەرچن لەبۆ سەفرەك، ئەوەی گچکەشە ناتانی تەحەمولی عەقلی تەجریبی و عیلمی کابرای لەخۆی گەورەتر پازدە سال تەفەهوم و هەضم کا، لۆیە دەبی عومریان موقاریب بی، بە ئەغلەب تەجاروب داچووبن لۆ؟ ئەصلەن لۆوەی مەشاکیلیان نەبی، کأنما ناچن لەبۆ پیاسەی ئینەما لەیەك مال دەژین هەتا دەشمرن دەبی هەر لەو ماڵەی بمینێن، ئەوەی دەمری خواحافیزی بی ماتەبەقا دەبی هەر لەوێ بمینێ.

بوعدی عیلمی لۆوەی فیعلەن هەر یەکە ببتە مورادیفی ئەوی دی حوسنی ئیستفادە لە یەکتر بکەن، لەگەر یەك موسابەقە و مونافەسە بکەن لەسەر خەیر، ببنە موعینی یەك، لە ئەخذ و تەلەقی عیلم، مەثەلەن: کابرا وەکو عبدالرحمن لەگەر سەلەمە کە هۆردووك تاجیر بووینە، هۆردووك ببنە موعینی یەك لەبۆ باشترین ئوسلوب لەبۆ کەسبی ماددە، وە حەلالترین ئوسلوبیش لەبۆ رضوان الله ئیستعمال بکرێ، هۆردووك پێکەوە ئیش کەن، هەمووی عەن طەریقی وەحی ئەوانە کرایە، لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم موجتەهید نەبووە لە گیرفانی هیچی دەرنەهینایە، ئیرادەی خوای بەو نەوعەیە دەبی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەو ئیشەی بکا، لۆوەی ئینتاجی رەبانی لەو قیمەیەی بی کە خوا خۆی دەیەوێ، ئەوە هەمووی بەو نەوعەی کە قائیمە دەرچوو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەناو

مزگەفت ئیعلان کرا، ئەو هەزار و قسور صەحابییە هەمووی کە قائیمەکە کرا هەریەك ناوی لە تەنیشت برایەکەی خۆی چوو باوەشی پێ کرد و بوونە برا، پێکەوە چوونە مالێ، ئەوە تەئمینی ئائەو جانیبەی.

کەوادیرانە ماعەدایتکە، ئەعدادیتکە ضەخم دێن چونکی کە دەولەت ئیعلان کرا ئیحتیاجی بە کەوادیر هەیە، ئەو فیعلەن دێن دەوری خۆیان دەبینن لەناو بینائی دەولەت، ئیحتیاجی بە شورطە هەیە، ئیحتیاجی بە صاحێب مەعامل هەیە، بە صاحێب حیرەث هەیە، دەبی ئەوانە بێن هەر یەکە دەوری خۆیان ببینن، دەولەتە ئەوە، لۆیە فرض کرا لەسەر جموعی صەحابەی کە مابی لەناو مەککە، یاخود لە حەبەشە و لە جێیدی، هەمووی بێن لەناو مەدینە ببنە ماتۆر و موضەخەی دەولەتی ئیمانی، فە حەتمەن جموع زۆر دێ ئەنواع دێن، دێن ئەصحاب عائیلەنە، کابرا هەیە دێ حەفت هەشت منداری هەیە، هەرچی مالّی هەیە لەوێ بەجێی هێشتییە، خانی لەوێ بەجێ هێشتییە، باشە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم موشکیلەی وی کو حەل دەکا؟ یەکسەر ئەمری کرد خانی دروست بکرێ، هەر لەناو داخیلی مەدینە لە تەنیشت مزگەفت مسجد خانی لەبۆ موهاجیرەکان دروست بکرێ، باشە ئەوەی صاحێب مندارە ئەدی ئەوەی بێوەژنە یاخود گەنجە جارێ ژنی نەهینایە، ئەوانیش یەکسەر (دارالعزاب)یان لەبۆ بیناکرا، ئەوان لەوێ جەمع ببن، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لیقائی خاصی لەگەر وانیش هەبوو.

باشە ئەو هەموو هەزار و پێنج سەد نەفەرە کە مەرحەلەی یەکەم، لە سالی پێنجی هیجرەت عەدەد و تعدادی ناو مەدینە بووە شێست هەزار نەفەر، باشە ئەو شێست هەزار نەفەرە رۆژێ سێ جەم نان دەخوا، عیلمەن مەدینەش هەر مەدینەیە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کو تەئمینی غیذائی وانی کردییە، ئەوە موشکیلەکە، ئەدی کو تەئمینی ئۆکسجینی کردییە، ئەوانە هەموو تەنەفوس وەردەگرن دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەدەن، وەنییە؟ بەشەرن وەکی مە، باشە کو ئاو و جل و بەرگ و ئەو شتانە ئەوانە هەمووی جێی دیراسە بووە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فکری لێبکا، باشە ئەگەر هاتوو حیصار داندرا لەسەر مەدینە، ئائەو برێین لە جیاتی پێنج هەزاری لە جیاتی شێست هەزاری برێین پازدە هەزار نەفەر هەموو حەیاتی دەبی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەبی کەفیل بی، مەشاکیلی ئیجتیماعی جنسی دروست نەبی لەناو ئەو گەنجانە، چونکی جارێ ئیمان نەگەیشتتە قیممە، ئیمان هەر لە بیناء دایە، سورەتی تەحریمی زینا نەهاتتە خوارێ، ئەنصاری هەموویان صاحێب ژنن صاحێب کچن، ئەو گەنجە لەوێرا بێتە ئێرە ئەمری پێنەکرایە بە تەواوی چاوی بپۆشی، راستە موئمینە لەقیممە، ئەمما بە شتەکی ئیعتیادی دەزانی ئەوە جارێ ئایاتی حیجاب نەهاتتە خوارێ، کێ

دەرێ خوا نەكا تووشی گوناهەك نابی كو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەئمین بكا ئەو حالەتە ئەگەر ئەو شتە بوو.

باشە كەس لەوێ نەخۆش ناكەوێ، سێ هەزار صەحابەی هەیە هەر كە هاتنە ناو مەدینەی لە سەدا هەشتایان نەخۆش كەتن، مەدینە خەریطەی ئەو هایە شارەكە كەتیتە بەینی مەجموعە چیایەك، وەكو سلێمانی، شكلی سلێمانی بینە پێش چاوی خۆتان، كە چیا لە دەوری شار بوو شاری حەصر دەكا ناهێلی بە ویسعەتی خۆی شارەكە گەورە ببی، مەجبووره وفقی ئائەو چیایانە خۆی حەصر كا، كە بارانیش دەباری بوحەیراتی لێ دروست دەبوو، كە رۆژ لەو ئاوەی دەدا لەو بوحەیرەی دەدا رطوبەتی دروست دەكرد، پاشان چركاو و ئەوانە هەمووی لەوێ نەخۆشی بلاو دەبوو، باشە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوانەی كو عیلاج كردییە هەمووی؟ قەناعەتتان هەبی هەمووی بە ئەمری رەببانی عیلاج كرایە، چونكی ئەو (الله)ەی جل جلالە كە ئەوەی بە رەسول ئیختیار كردییە ئائەو حالەتەشی دایتێ فیعلەن ئەو مەشاكیلانە هەنە، فكری لێبكرێ لەبۆ عیلاجی.

جارێ كە جەنابی صلی الله علیه وسلم، نەقل بوو لەبۆ مەدینە تەفتیشی كرد كە ئەو بوحەیرانەی دیت، فەرمووی: یەكسەر جۆگەی لۆ لێدەن، دەستیان كرد بە جۆگە لێدان وەیانلێكرد عاردەكان هەمووی هیشك ببی، كە هیشك بوو حەتتا مەلاریاش لەوێ دروست نابی، عاردەكی زۆر كە ئاو گرتبووی بووە عاردی هیشك، ئیذەن دەكرێ ئیستعمال بكرێ لۆ خانی بیناكردن، یاخود لۆ زراعەت.

عاردی مەدینەی وەكو ئی مەككەی نییە لم بی خۆرە، مەنطەقەكی زراعییە نزیكەی چەند هەزار دار خورمای لێیە، یەكسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، كە تەعدادی موهاجرین زۆر بوو ئەمری كرد حەرامە هەریەك دارەك یاخود نەمامەك قەطع كا، فەرضی كرد لەسەر صەحابە برۆن دار بچینن، مەثەلەن: سەلمان فارسی صەحابەیە ئیمانی هێنایە بە پێغەمبەری لەناو مەدینە لە كن ئافرەتەك سەركار بوو ئیشی دەكرد، ئافرەتەكەش موئمینەیە، كە طەلەبی موكاتەبەی كرد سەلمان ببتە حور، لە كنە وی عەبد بوو لەكن ئەو پیرێژنەی، هاتنە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر شروطەكان دابنێ فەرمووی: سێ سەد دار بچینە بە سەلمانی، فەرمووی: یارسول الله ئەوە پێم ناكرێ ئەمری كرد ئەوە حوكمە دەبێ بیكەی، باشە فەرمووی: مەجالەك شتەك، فەرمووی: ئەمر دەكەم صەحابە موساعەدەت بكەن، ئەمن خۆشم موشارەكە دەكەم دەیكەینە عەمەلی شەعبی، فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی موشارەكەی كرد سەلمان خۆی لە زیكرەیاتی خۆی دەگێڕیتەوە دەرێ: ئەو دارانەی دەنارد رسول الله صلی الله علیه وسلم، بە دەستی خۆی موبارەكی دارەكانی غەرز كردبوو، هەتا ئەخیر صەحابە مابوون هەموو دارەكان زندی بوون، یەك لەو دارانە نەمرد،

لۆوەی فیعلەن تەئمینی ئۆکسجین بکا، لە عەینی وەقتیش ئەو دارانە دەکرێ ببیتە سەقفی خانییەکانی صەحابەی جیلی موستەقبەل.

یەکسەر کە هاتن جەمعی صەحابە هەمووی کەتن نەخۆش بوون چونکی ئائەو رطوبەتە مەوجود بوو، طەبیعەتی مەککەی لەگەر طەبیعەتی مەدینەی موختەلیفە، میکرۆب و فایرۆس و ئەوانە زۆرە جموعی صەحابەی نەخۆش بوون، یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم مەجموعە صەحابەکی نارد بچی لە مەنطەقەی شام طیبابە فێرببی، وەفد طەلەبە بە فەترەکی کەم ئەوانە هاتنەوە، هەرچی دەرمانی طەبیعی هەبوو لەو مەنطەقەیەی جەمعیان کرد کردیانە دەرمان نەباتی طەبیعی، کردیانە دەرمان دایانە ئەو صەحابانە پاشانیش دوعای کرد یا رەبی هەرچی نەخۆشی هەیە موهاجرین تووشی دەبن لەناو مەدینە وە مەدینەییش خۆی توشی دەبی لە ئەصل یا رەبی لەسەریان لابدە، لۆیە لایەزالیش نەقیترین بیئەی جەوی ناو جەزیرەی حیجاز مەدینەیە، عەن طەریقی طەبعەن بحوثی تەجریبی.

باشە صەحابە خواردن لەکێ بینی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لەبۆ شێست هەزار نەفەر، بەس صەحابی برێ نیوەی وانە عەوائیلیان هەیە، هەر عائیلەکیش برێ دوو نەفەر منداری هەبی، خواردنیان لەکێ؟ یەکسەر ئەمری کرد هەرچی مەوجودە لە مەخزوناتی گەنم و جۆ هەمووی بچیندرێ لە خاریجی مەدینەش، وە تەعەهودات و عقود بکرێ لەگەر یەهود، وە ئەو صەحابەیەی کە فیعلەن ئیمکانییەتی زراعەت و تیجارەتی هەیە ئەوانە هەمووی لیجان تەشکیل بکرێ لەوانە، مەسئولیان عبدالرحمن بن عوف بی کە ملیۆنێرە لە تیجارەت زیرەکە، موساعیدی موعاوینی ئائەو صەحابیە ئەنصارییە بی کە رب العالمین (آخاه بینە)، ئەوانە یەکسەر لوجنە سەریعەن بەو پارەیەی کە مەوجودە هەمووی جەمع بکرێ بچنە شام، جارێ مەوادی غیذائی بینن گەنم و خورما و ئەو شتانە بینن نەقل کەن ئەو گەنمە بچینرێ، لۆیە هەر لە سالی یەکەم لە بەینی پایز و بەهار و هاوین، ئائەو ئینتاجەی کە پێشترێ مەدینە لۆی دەهات لە ثەمەرەی دەرامەتی گەنم و جۆ لە ئەسنای دورینی، صەحابە بەحس دەکەن دەرێن: بەقەد هەزار جاری هاتتەوە، وەیلێهاتییە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، تەورید کا لەبۆ خاریج بیفرۆشی و بیکەنە پارە، ئەوە هەمووی تەخطیطی رەببانییە لەناو داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم.

ماعەدای وەی ئەمنییەن حیمایەی فکری صەحابەکان بکا، چونکی لەناو مەککەی یەهود بەو دەرەجەی نەبوو، لێرە یەهود مەوجودە، یەهود عەقلییەکی زۆر رەهیبی هەیە دەبی حیمایەی ئەو مەجموعە صەحابانە بکا، کە فیعلەن لەوێ نەقل بووینە جارێ بە مەدرەسەی یاخود بە قانونییەتی

ئیمان دانەچووینە لەبۆ ئەو سەقفە بەرزەی ئەصلە کە خودا دەیەوێ، موحتەمەلە شت تەسبیت ببی لەبۆ مێشکیان.

عیلمەن یەهود جارێ هەر دروسی پێشتر بەحسمان کرد هەر لەناو مەدینە لۆوەی تەئسیر یان ئیحاطەی مەدینە بکا، هەرچی ئافرەتەکانی عەرەب هەبوو ئەغلەبیانی کردبووە ئافرەتی خراپ و بێ ئەخلاق، بەهەر رێیەك بی، مەثەلەن: پارەی بەقەرد دەدا بابی بە ریبا بابی پێی دەفع ناکرێ مانگ بە مانگ زەریبەکە زیاتر دەبی، ریبایەکە لەسەری زیاتر دەبی، مەجبور یان خۆی ببتە عەبد یان دەبی یەك لە مندارەکانی ببتە عەبد، زۆریش ئەووەختی رکیان لە کچیان دەبوو کچەکەی تەسلیمی کابرای جولەکەی دەکر.